**دوای سلاو و ریز**

* وێڕای ئەوەی جۆرێک لە ڕێکەوتنی مەبدەئی لەسەر فیدراڵی هەیە، بەڵام وەک دەبینین لەناوەندە سیاسییەکانی عێراقدا، باس لە زۆر جۆری فیدراڵی دەکرێت و، هەر لایەنەو بۆ بەرژەوەندیی خۆی لێکی دەداتەوە.
ئەوەی کورد داوای دەکات و پێی لەسەر دادەگرێت کامە جۆری فیدراڵییەو، گرنگترین تایبەتمەندییەکانی چین؟

* لە وڵاتێکی وەک عێراق کە کەلتوورێکی دوور و درێژی مەرکەزییەت و شموولییەتمان بۆ ماوەتەوە، ئایا فیدرالی (کە ١١ ساڵ لەمەوبەر پەرلەمانی کوردستان بڕیاری لەسەر دا) دەتوانێت ئامانجە نەتەوەییەکانمان بهێنێتە دی، یان دەبێت ئەمڕۆ و دوای ئەو گۆڕانکارییانە کورد بۆ زەمانەتی ئەو مافانە خیتابێکی دیکەی هەبێ، بۆ نموونە کۆنفیدراڵی؟

* لەم هەلومەرجەی ئێستادا کە دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە رووی مەوزووعییەوە ئەستەمە، ئایا ڕاگەیاندنی ریفراندۆم (کە ئەگەری زۆری ئاکامەکەی بەو ئاراستەیە بێت) چ گرنگییەکی دەمێنێت؟

* لەم ماوەیەی دواییدا لە ناوەندە سیاسییەکانی کورد باس لە یەکێتی ئارەزوومەندانەی کورد و عەرەب دەکرێت لە چوارچێوەی عێراقێکی فیدراڵدا، ئەم خیتابە نوێیە چ زەمانەتێکی زیاتری پێیە و، چ گۆڕانێک بەسەر مەتڵەبی تا ئێستای کورد دەهێنێت کە فیدراڵییە؟

**سەرنووسەری هەفتانامەی گوڵان**

**٢٠٠٣/٨/٢٥**